دوو ڕۆژ ماتەمینیی گشتی لە پارێزگایەکی هەرێم ڕاگەیەندرا

لەدوای گیانلەدەستدانی دوو کەس بەهۆی ئاگرکەوتنەوەکەی لە شنوری پارێزگای هەڵەبجە، دوو ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە پارێزگاکە ڕاگەیەندرا.

پارێزگای هەڵەبجە لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، "بە دەکی پە لە خەم و پۆژارەیەکی زەرەوە، پارێزگاکەمان ڕووبەڕووی کارەساتەکی دەتەزێنی ئاگرکەوتنەوە بوویەوە لە ناوچەکانی چنار و مەردین و نەیجەڵە، کە بەداخەوە بووە هۆی شەهیدبوونی دوو ڕەگەزی دەسەزی پارێزگاکەمان. ئەم دوو هاووڵاتییە خۆشویستە، کە لەپێناو پاراستنی ژینگە و خاکدا گیانیان بەخشی، ئەمە وەک "شەهیدی ژینگەی هەڵەبجە و کوردستان" ناویان دەبەین".

ئاشکراشیکرد، "بە ڕەزگرتن لە گیانی پاکیان و هاوبەشیکردنی خەمی بنەماڵە بەڕێزکانیان، پارێزگای هەڵەبجە بەیاریدا بە ڕاگەیاندنی ماتەمینی گشتی بە ماوەی دوو ڕۆژ".

جەختیشیکردەوە، "ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر سەرجەم دامودەزگا ڕەسمییەکانی سنووری پارێزگای

هەڵبجە بە نیوە دادەگیرێت، سەرجەم ئاهەنگ و بەنە و چالاکییەکی شادی ئامێز رادەگیرێت وەک رێزێک بە ڕۆحی پاکی شەهیدەکانمان".